## ڕێبەری دایەنگە ناحکومییەکان



بۆ خستنەڕووی زانیاریی تەواو لەسەر دایەنگەناحکومییەکان، ئەم ڕێبەرە لە چەند تەوەرو خاڵێکدا دەخەینە بەردەست هاووڵاتیانی خۆشەویست لە سنوری پارێزگای سلێمانی، بەمجۆرە:

### یەکەم/ پێناسەی دایەنگە ناحکومییەکان:

شوێنێك پێی دەوترێت دایەنگە کە ئەو مەرجانەی تێدا هاتبنە دی کە لە ڕێنماییو سیستمی دایەنگەکاندا هاتووەو کاردەکات بۆ ڕەخساندنی بارودۆخو ژینگەی گونجاو بۆ گەشەکردنی منداڵ گەشەکردنێکی سروشتیو ڕاستو دروست، هەروەها بەهێزکردنی بۆچوونو ڕەفتاریان لە ڕێگەی جێ بەجێکردنی پرۆگرامی پەروەردەییو کۆمەڵایەتی هاوچەرخ لە بواری ڕۆشنبیریو کات بەسەربردندا.

### دووەم/ دایەنگە ناحکومییەکان چۆن کاردەکەنو مۆڵەت لە کێ وەردەگرن؟

دایەنگە ناحکومییەکان بە پێی ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی (2015) ی تایبەت بە دایەنگەکان لە هەرێمی کوردستان، دەرچوو لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەنووسراوی ژمارە (1907) لە 28ی 4ی 2015 گشتاندنی پێکراوە مۆڵەتیان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە، بۆ زانیاریی زیاترو خوێندنەوەی سەرجەم سیستمو ڕێنماییەکان سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکە) **:کلیك بکە بۆ خوێندنەوەی.(**

لە دایەنگە ناحکومییەکاندا، سەرەڕای خاوەنی دایەنگە کە مۆڵەتی فەرمی بەناوەوەیە، بەڕێوەبەری بە توانا هەن کە کاریان بەڕێوەبردنی دایەنگەو ئاراستەکردنی توانا مادیو مرۆییەکانە لە پێناو خزمەتکردنی منداڵدا بە باشترین شێوە، توێژەری بە توانا ئامادەیی هەیە کە گرنگی بە ژیانی منداڵان دەدەن لە ڕووی کۆمەڵایەتیو دەروونیەوە، دادەکان خزمەتی منداڵان دەکەنو لە ئامێزیان دەگرنو پاكو خاوێنیان ڕادەگرنو چاودێریان دەکەنو بەبێ جیاوازی سۆزو خۆشەویستیان پێ دەبەخشن، چێشتلێنەرەکان خواردنی تەندروستو پاكو خاوێنیان پێشکەش دەکەن، مامۆستاکان گرنگی بە پەروەردەو یاریدەدەرانی پزیشکیش گرنگی بە تەندورستیان دەدەن، باخچەی دایەنگە لەلایەن باخەوانەوە سەوزو ئامادە دەکرێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی جوانی دڵگیر لە دایەنگەدا، بە کورتی لە دایەنگە هەموو شتێك لە خزمەت منداڵدایە.

### سێیەم/ دایەنگەکان چۆن سەرپەرشتی دەکرێن؟

دایەنگە ناحکومییەکان لەلایەن لیژنەی تایبەتو توێژەری بە تواناو شارەزاوە بەسەرپەرشتی بەشی دایەنگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سەرپەرشتیدەکرێنو ڕێنمایی پێویستیان پێ دەدرێتو بەشێوەی بەردەوام چاودێری دەکرێن، ئەمە بێجگە لە لیژنەیەکی تر کە لەلایەن قاقائمقامییەتەوە پێکهێنراوەو نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتیشی تێدایەو کاری چاودێری دایەنگەکانە لە هەموو ڕووەکانەوە.

### چوارەم/ نرخی لەخۆگرتنی  منداڵ بۆ مانگێك لە دایەنگە ناحکومییەکان بەمجۆرەیە:

نرخ لە دایەنگە ناحکومییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان 100 هەزار دینار بۆ 140 هەزار دیناردایە، بەداشکاندنی لە سەدا بیست بەهۆی قەیرانی داراییەوە نرخەکان دەکەونە نێوان 80 هەزار دینار بۆ 112 هەزار دینار، بەڵام زۆرینەی زۆری دایەنگە ناحکومییەکان نرخیان دیاریکراوەو بریتییە لە 80 هەزار دینار تەنها چەند دایەنگەیەکی کەم نەبێت کە ڕێگەی سەرو 80 هەزار دینار تا112 هەزار دیناریان پێدراوە ئەوەش بەهۆی بەرزی ئاستی خزمەگوزارییەکانیانەوە.

## پێنجەم/ دەوامو کاتی کارکردنی دایەنگەکان:

بەپێی ڕێنماییەکان، ڕۆژانی دەوامی دایەنگە لە هەفتەیەکدا 6 ڕۆژە، واتە لە ڕۆژانی شەممە تا پێنجشەممە، هەروەها سەعاتی دەوام بریتییە لە 7 سەعات کارکردن، واتە لە سەعات 7ی بەیانی بۆ سەعات 2ی پاش نیوەڕۆ، بەڵام ئەگەر دایکێك پێویستی بە درێژکردنەوەی کاتی دایەنگە هەبوو لە دوای سەعات 2، ئەوە بۆ دایەنگە بە ئاگاداری بەشی دایەنگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەتوانێت سەعاتی دەوام درێژبکاتەوە تا کۆتا کات کە بریتییە لە 7.30ی شەو، پاش ئەو کاتە مافی ئەوەی نییە دەوام درێژ بکاتەوە.

## شەشەم/ خزمەتگوزارییەکانی دایەنگە:

خزمەتگوزارییەکانی دایەنگە بریتییە لە پێشوازی منداڵ، خواردنی بەیانیانو نێوانە ژەمو خواردنی نیوەڕوانو ژەمێکی سوکی پاش نیوەڕۆو میوە بە پێی خشتەیەك کە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕو شارەزاوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دانراوە، هەروەها گەشەپێدانی توانای منداڵ لە ڕووی قسەکردنو لایەنی هزرییو ڕەفتارییەوە، هەروەها کات بەسەربردنو سەرقاڵیو یاری، ئەمە بێجگە لە وانەی پەروەردەییو وەرزشیو هونەریی پێویست بە پێی تەمەنو پێویستی منداڵ.

هێندێك خزمەتگوزاری زیادە هەن کە پێشکەش بە منداڵان دەکرێن، یان بابەتەکانی پەیوەست بە وەرزشو هونەرەوە بڕو ڕێژەو جۆریان لە دایەنگەیەکەوە بۆ دایەنگەیەکی تر دەگۆڕێت.

## حەوتەم/ پۆلێنو ئاستی دایەنگە ناحکومییەکان:

لە پێناو گەشەپێدانی توانای دایەنگەکانو دروستکردنی پێشبڕکێ بۆ خزمەتکردنی منداڵ لەنێوان دایەنگەکانو بوونی پێوەرێك لەلای بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ مامەڵە لەگەڵ دایەنگەکانو بەرچاوڕوونیو دڵنیایی دایكو باوکی منداڵ بۆ دایەنگە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی ساڵانە دایەنگە ناحکومییەکان بەهۆی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەو بابەتیانەوە دابەش دەکات بەسەر چوار گرووپی (A, B, C, D) لە بەرزترین ئاست (A) بۆ نزمترین ئاست(D) ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دایكو باوکی منداڵ دڵنیا دەکرێتەوە کە دایەنگەکان شوێنێکی سەلامەتن بۆ ژیانی منداڵو هەرکات سەرپێچییەك هەبێت دایەنگە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەکرێتەوە بە پێی جۆری سەرپێچیو کەمتەرخەمییەکەی.

## هەشتەم/ مەرجەکانی وەرگرتنی منداڵ لە دایەنگە ناحکومییەکان:

1- پێویستە تەمەنی منداڵ لە نێوان (45 ڕۆژی سەرەتای لە دایکبوون بۆ چوار ساڵ) بێت لە ڕۆژانی پڕکردنەوەی فۆرم.
2- پێویستە منداڵ هیچ نەخۆشییەکی گوازراوەی نەبێت، هەروەها نابێت خاوەن پێداویستی تایبەت بێت لە جۆرەکانی (ئۆتیزم، داون، فرە جوڵەیی، ADHDو هاوشێوەکانیان.(

## نۆیەم/ لە سنوری پارێزگای سلێمانی چەند دایەنگە هەیە؟

لە سنوری پارێزگای سلێمانی 11 دایەنگەی حکومیو زیاتر لە 49 دایەنگەی ناحکومی مۆڵەتیان وەرگرتووەو کاری ڕۆژانەی خۆیان دەکەن.

## دەیەم/ چ شتێك لە دایەنگە قەدەغەیە؟

لەسەر دایەنگەو ستافەکەی ئەمانەی خوارەوە قەدەغەن :

1- لەسەر دایەنگەکانو ستافەکانیان لە بەڕێوەبەرەوە هەتا توێژەرو مامۆستاو دادەو کارمەندو پاسەوانو شۆفێرو چێشتلێنەرو کارگوزارو باخەوان هەموو جۆرە توندوتیژییەکی دەروونیو جەستەیی قەدەغەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو کارمەندێك بەڵێننامەیەکی لە بەشی یاسای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕکردووەتەوە کە بەهیچ جۆرێك لە هیچ دۆخێکدا هیچ جۆرە توندوتیژییەك بەرانبەر منداڵ نانوێنێت، لەکاتی پابەند نەبوونیشدا دایەنگە ڕووبەڕووی سزاو لێپێچینەوە دەبێتەوە بەپێی سەرپێچیو جۆری توندوتیژییەکە.

2- هەر جۆرە جیاکارییەك لەنێوان منداڵەکاندا لەسەر بنەمای ڕەگەزو چینایەتیو خزمایەتیو حزبایەتی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیەو پێویستە دایەنگە پابەند بێت بە پاراستنی مافە چون یەکەکانی منداڵو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریو چاودێری منداڵەکان بەبێ جیاوازی.

3- وەرگرتنی هەر جۆرە پارەیەکی زیادەو بەرتیلێك لە دایكو باوك لە دەرەوەی یاساو ڕێنماییەکانو بەکارهێنانی دایەنگە بۆ کاری نایاسییو سەرپێچیو خراپ سودوەگرتن لە ناوبانگی دایەنگەکەی.